


# خواژنەكانی قۆناغی دایكسالاریی



حەمەفەریق حەسەن

بەری یەكتاپەرستی، لەنێو ئەفسانەكاندا ژمارەیەک خواژن هەبوون، وەک خواژنە (دیانا). وەلێ ئەم خواژنە ڕەمزی سێکس نەبوو. بەڵكو خواژنی ڕواو بووە. خواژنە (ڤینۆس)یش خوای خۆشەویستیی بووە. كاری ئەو بڵاوكردنەوەی گیانی خۆشەوستیی بوو لە ئاسمان و زەویدا. ڤینۆس بە پرۆسەی سێكەسەوە وابەستە نەبووە. هەروەها بۆ خواندەكانی (ئەنانا، ئەنلیل و ئەشتار)ی خواژنانی سۆمەر و ئەكادی دۆڵی میزۆپۆتامیا.

ئەوان زیاتر نموونەی پاكیزەیی بوون و زێدە بەرز و بەڕێز سەیركروان و پەرستراون. كارو توانای ئەوان زیاتر بەپیت و بەرەكەت و نوێبوونەوەی ساڵانەی خاكەوە پەیوەستبووە. تاكو ساڵانە خاك، بەرهەمی كێڵگە و ئاژەڵ، نوێببنەوە و هەر لەوێشەوە ژیان بەردەوام بێت. نوێبوونەوەی پاكیزەیی هەتاهەتایی خواژنەكان یەكسانە بە نوێبوونەوەی ساڵانەی زەوی و سەوزبوونی خاک بەباران.

ڕەنگە هەر لێرەشەوە بێت كاتێک هونەمەندی سەردەمیش ژن بەخاک (نیشتمان) دەچوێنێت و ئەم فیگەرە بە ستایلی جیا لە كەڤاڵی دەیان هونەرمەنددا دووبارە بۆتەوە. وێڕای بەگڕخستنی هەمان بیرۆكە لەدەیان شیعرو چیرۆكدا. تۆ ئەگەر نیشتمانت بە ژن چواند، مانای وایە، لە سنووری ئەركەكانی خۆی پتر و بەرزتر كارت بە ئافرەت سپارد و بۆ ئاستی سنوورەكانی پیرۆزیی بەرزتكردەوە. گیان و توانای لەڕادەبەدەری ئەفسانەت بەباڵابڕیی. وێڕای ئەوەش، مانای وایە، تۆ ئەو ڕۆمەتەت

(شەرەف) پێسپاردووە، یانژی بەباڵا بڕیوە، کە لە نیشتماندا چڕدەبێتەوە. بابە جۆرێکی دیکە ئەم ڕایە ڕوونبکەمەوە. پیاوی خێڵەکیی ڕۆمەتی خۆی لە جەستەی ئافرەتدا دەبینێت، کە چی هونەردمەند و نووسەرانی کورد، ئۆرت و ڕێزی ئافرت بە ئاستی نیشتمان بەرزدەکەنەوە.
لەئەفسانەی خێڵەکانی تەواریق دا هاتووە: ((ئەم بیابانە، شاژنێک لە جن، بەناوی (تین هینان) ئاگاداری بوو، بۆیەکا لەبۆ خەڵکی غەریب زەمینێکی عاسی بوو. لە هەموو لایەکەوە بەنوشتە و جادوو پارێزراوبوو. هەر سەرەڕۆیەک پڕکێشیی بکردایە و خۆی تێبخزاندایە، چاوەڕوانی سزایەکی سروشتیی بوو، کە ئەویش وێڵبوون و لەتینواندا مردن بوو. ئەمە سزای ئەو کەسانە بوو شاژنیان تووڕەبکردایە، یان گۆشەگیرییان لێ تێکبدایە. دانیشتوانی ئەم بیابانە سەربازی شاژن بوون. ئەو خۆی چلۆنی بویستایە ئاوەها دەیجووڵاندن... بڕوانە: عمر الأنصاری، الرجال الزرق، ص/11))
لەم ئەفسانەیەدا هەموو کارێک بەدەستی ئەم شاژەن جنەیە و کەسێک ناتوانێت لەفرمانی ئەو یاخی ببێت. بۆیە پیاوانی تەواریق تەنیا ئەوەندەیان لەدەست دێت: ((توند دەم و ڕووی خۆیان هەڵبپێکن، نەبادا ڕۆحە شەڕەنگێزەکان، کە سەربازی شاژنن دزەبکەن و بچنە نێو جەستەیانەوە!)) ئەم شاژنە جنۆکەیەی، کە بەدرێژایی مێژوو موڵک وماڵی هاووڵاتییان دەپارێزێت.
لە ئێستادا گوێت لێدەبێت دەڵێن: ژن بێهیز و بێتوانایە. گوایە هێزو توانا سیفەتێکی نێرانەیە. بەڵکو تاکی خێڵەکیی مێینە بە ناکارا، بێتوانا، یان ناباڵق (قاصر) دەزانێت؛ ئەگەرچی ئەو ژنە تەمەنی لە پەنجا ساڵیش لایدابێت. لە کاتێکدا هەر لەم دۆڵی میزۆپۆتامیایەدا، کە نیشتمانی ئێمەیە، مێژوو چەندین ژنە خواوەندمان پێدەناسێنێت، وەک خواژنە (عەشتار)ی بابلییەکان و خواژنە (ئینانا)ی سۆمەرییەکان و باسی توانای لە ڕادەبەدەریان دەکات.
ئەم ژنەخواوەندانە سەردەمێکی دوور و درێژ لەلایەن باپیرانی ئەم خەڵکەی ئێستاوە کڕنووشیان بۆ براوە و پەرستراون. تاکەکان بەنێرینە و مێیبەیانەوە لەبەریان هەڵلەرزیون و قوربانییان بۆ بەعەردا داون! لە نیمچەدورگەی عەرەبیشدا، خودی عارەبەکان لە سەردەمی جاهیلییدا، کە مێژوویەکی زۆر کۆن نییە، ژمارەیەک خواژنیان بە ناوەکانی (لات، عوززا، مەنات) پەرستووە. ئەم خواژنانە بەڕێزەوە، لەشانی نێرەخواوەندەکاندا، لە چەقی کەعبەدا قەراریان گرتبوو. خێڵە عارەبی بیابانگەرد، لەدووری دوورەوە، دەهاتنە خاک و پایان و قوربابیان لەبەرپێیاندا سەردەبڕیی. لێیان پاڕاونەتەوە تاکو لەدەرد و باڵاو ئافاتەکان بەدوور بن.
دیارە لە سۆنگەی پیرۆزیی و مەزنیی ئەم خوایانەش بووە، کە (عبدالمطلب)ی باپیری حەزرەتی (محمد) دوان لە کوڕەکانی خۆی بەناوەکانی ئەم خواژنانەوە ناوناوە، (عبد اللات و عبد العزى) کە یەکەمیان دەکاتە بابی حەزرەتی موحەمەدی پەیامبەری ئیسلام (د.خ.) وەلێ پاشتر مێژوونووسانی ئیسلام، بابی حەزرەتی محەمەدیان بە (عەبدوڵڵا) تۆمارەکردووە و دووەمیان وەک خۆی هێشتۆتەوە.